زنجیرەی منداڵی سەردەم

# کامیلیا

## میز بەخۆیدا دەکات



نووسینی: نانسی دیلۆ – ئالین دو باتینی
بۆ عەرەبی: ماهر محیو
لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵلا


– خێراکە ورچیلەکەم!
دەچین بۆ ماڵی باپیرە و داپیرەم!
لە ئوتومبیلەکەدا نهێنیەکت لا دەدرکێنم.



– ورچیلەکەم، دەزانی
دوێنێ لە قوتابخانە شادیە
میزی بەخۆیدا کرد.
مامۆستاکەمان ئەوەی
بەلاوە ئاسایی بوو.



– بەڵام شەماڵ وتی، تەنیا منداڵە ساواکان میز بە خۆیاندا دەکەن.
بۆیە ئێستا هەموو وەک منداڵێکی ساوا سەیری شادیە دەکەن.





- ئەمرۆ شادیە نەهاتەوە بۆ قوتابخانە.




- لەوانەیە دایکی دایبی پێ هەڵگرتبێ
و مەمکە شوشەی پێ دابێ.
من شادیەم زۆر خۆشدەوێت...
تەنانەت ئەگەر بە منداڵێکی
ساواشی دابنێن.

– ئازیزەکەم، ئەوە چی بۆ ورچیلەکەت دەگێڕیتەوە؟
– ئاهـ... هیچ .. پێیدەڵێم زۆرمان
نەماوە بگەینەماڵی باپیرە و داپیرە.





هەمووان لە ماڵی باپیرە و داپیرە کۆبوونەوە، خەڵکێکی زۆر لەوێ بوون، غەڵبەغەڵب بوو و قاقای پێکەنین دەگەیشتە ئاسمان.



– واهاتم ، ئێستا هەمووتان دەدۆزمەوە .

- ورچیلەکەم! نەمتوانی
خۆم بگرم، وەک شادیە
میزم کرد بە خۆمدا، ئیتر
هەموو گاڵتەم پێ دەکەن.





– کامیلیا! داپیرە بانگمان دەکات.

– کامیلیا! تۆ لەکوێی، پێوستە شیرینیەکەمان بخۆین.



– دەزانی ورچیلەکەم دایکم جارێکی تر دایبیم
پێ هەڵدەگرێت و لە بری خواردنی شیرنی (کێک
بە توتەفەرەنگی)، مەمکە شوشەم بۆ دادەنێت!



– کامیلیا! بۆچی هەتاکو ئێستا
لە جێی خۆت نەبزواوی؟ زۆر
نیگەرانبووین و هەموومان
چاوەڕوانی تۆین، بۆ ئەوەی
شیرینیەکەمان بخۆین.
جارێکی دیکە ئەمە دووبارەنەکەیتەوە،
هەستە، خێراکە با بڕۆین.

- نا ... نا .. نایەم.
- چی ڕووی داوە ئازیزەکەم؟!
- من!!... میزم بە خۆمدا کردوە.





– ئاهـ! ئازیزەکەم نیگەران مەبە، جلی ترم بۆ
هێناوی، پێش خواردنی شیرینیەکە جلەکانت دەگۆڕم.



– دایکە گیان، من بچووکبومەتەوەو بومەتە منداڵێکی ساوا؟

– بێگومان نا ئازیزەکەم، ئێمە جاربەجار، کە زۆر سەرقاڵدەبین، میز بە خۆماندا دەکەین، ئەمەش ئاساییە.



– ئەمە ماناى ئەوەیە جارێکى دیکە دایبیم پێ هەڵناگریت؟!

– بێگومان نا... هەرگیز واناکەم.

– مەمکە شوشەم نادەیتێ؟


– نەخێر.. هەرگیز.





– هێی ی ی ی!


کەواتە دوو پارچە کێکم دەوێت،


یەکێک بۆ خۆم و ئەوی تریش بۆ ورچیلەکەم.







لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردم

لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکراوە